
ڕامانی هیگڵی

چەند وانەیەک لەمەڕ

فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح

(دیاردەناسی زەین)



43022

ڕامین جهانبگلو

و: ئیدریس شێخ شەرەفی

Preview sample - page 1 of 9 - Soran University Academic Digital Library

دەزگای وەرگێڕان



دەزگایەکی نەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات

☐ خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن نەحمەد مستەفا

☐ سەرنووسەر: مقداد شاسواری

☐ ناوی کتێب: ڕامانێن هێگلی

☐ بابەت: فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح

☐ نووسینی: رامین جهانبگلو

☐ وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیدریس شێخ شەرەفی

☐ بەرگ و دیزاینی ناوەوە : ناگری بالەکی

☐ تایپ: نەحمەد حاجی مەولود

☐ تیراژ: ١٠٠٠ دانە

☐ نرخ: ٢٥٠٠

☐ چاپ: یەکەم ٢٠٠٧ – هەولێر / ٢٧٠٧ کوردی

☐ چاپخانە: چاپخانەی منارە ـ هەولێر

☐ لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٧٢٠)ی سالی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

ناونیشان:

هەولێر/ گەڕەکی سێتاقان، نزیك نامادەیی کوردستان

نورمال: ٢٥٣٢٠٩٩

Preview sample - page 2 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

موریس مێرلۆپونتی فەیلەسووفی فەڕەنسی سەدەی بیستەم لە کتێبی *مانا و نەبوونی مانا* (*sens et non - sens*) لەمەڕ هیگڵ ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە:

"هیگڵ لە سەرەتا و چاوگی هەموو ڕووداوە مەزنەکانی سەدەی ڕابردوو دایە".

ئەم ڕستەیەی مێرلۆپونتی هێشتا ڕاستی خۆی لە دەست نەداوە، تەنانەت ئێستاش کە زیاترلە ١٧٠ ساڵ بەسەر مەرگی هیگڵ دا تێدەپەڕێت.

ڕاناتی فەلسەفەی هیگڵ و دوان لە باریەوە بە مانای ڕاڤە و شی کردنەوەی هەموو پرسە فەلسەفی، سیاسی و کلتوورییەکانی دوو سەدەی ڕابردووە. لەم ڕووەوە هیگڵ تەنیا وێژدانی فەلسەفی ڕۆژگاری خۆی نەبوو، بەڵکو بێگومان دەتوانین بە فەیلەسووفی سەدەی بیست و یەکەمیشی لە قەڵەم بدەین.

کتێبی *دیاردەناسی زەین*، لە ساڵی ١٨٠٦ لە شاری یێنا (*jena*) دا لە کاتێ دا کۆتایی پێ هات کە سوپای ناپلیۆن دەچووە ناو شارەکەوە، لە ڕۆژگارێك دا کە یەکێك لە لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژئاوا هەڵدەدرایەوە. کاتێ ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٠٧ چاپ کرا،

Preview sample - page 3 of 9 - Soran University Academic Digital Library

هیگڵ لە نامەیەکی خۆیدا لەڕێکەوتی یەکی مەی ١٨٠٧ بۆ هاوڕێ و هاوکاری خۆی شیلینگ دەنووسێت: "دوا جار نووسینەکەم کۆتایی پێهات".

هیگڵ لەو سەردەمەدا پێیوایە کە دیاردەناسی زەین بەشێی یەکەمی سیستەمێکی فەلسەفیە کە نەو بە "سیستەمی زانست" ناوزەدی دەکات، بەڵام دواتر ڕای دەگۆڕێت و چەند مانگێك بەر لە مردنی لە ساڵی ١٨٣١ بە مەبەستی چاپی دووبارەی دیاردەناسی زەین، بە پێشەکیەکەی دا دەچێتەوە و نەم ڕستەیە لا دەبات کە "دیاردەناسی یەکەمین بەشی سیستەمی زانستە". بەڵام هەر جۆرێك بێت ڕاڤەکردنی نەم ڕستەیە و لابردنی لە بوونیادی کتێبەکە، لە گرنگی نەم بەرهەمە کەم ناکاتەوە و نەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی ٢٠٠ ساڵ، دیاردەناسی وەك کتێبی سەرەکی هیگڵ لە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێندرێت. لە ڕاستی دا، دیاردەناسی یەکێکە لە چوار کتێبە گرنگەکەی سیستەمی فەلسەفی هیگڵ کە بە سێ بەرگی *زانستی لۆژیك* کە لە ساڵی ١٨١٢ تا ١٨١٦ نووسیویەتی و *ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفیەکان* (١٨١٧) و *پرەنسیپەکانی فەلسەفەی ماف* (١٨٢١) تەواو دەبێت. بە جۆرێك بۆ تێگەیشتن لە هەر کام لەم بەرهەمانە دەبێ بۆ سێ بەرهەمەکەی تر بگەڕێینەوە.

نەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی ٢٠٠ ساڵ هەر کاتێ خوێنەری دیاردەناسی زەین نەم بەرهەمە دەخوێنێتەوە، دەکەوێتە بیری ڕستەکەی هیگڵ لە پێشەکی *پرەنسیپەکانی فەلسەفەی ماف*: "کوندی مینرڤا (*Minerva*) نیشاران دەفڕێت" مەبەستی هیگڵ نەوەیە کە نامانجی فەلسەفە، بیرکردنەوەیە لە ڕووداوەکانی جیهان نەك تێکگیر بوونی ڕۆژانە لەگەڵیدا. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێت کە نامانجی هیگڵ لە نووسینی دیاردەناسی زەین پەلکێش کردنی هزری فەلسەفی بێت لە زمانی ڕۆژانە و سادەبیرییەوە بەرەو زمان و هزری زانستی. لە ڕوانگەی هیگڵ دەبوایە فەلسەفە بچێتە پلەی زانست، واتە تێڕوانینێکی سیستەماتیکی بۆ جیهانی دەوروبەری هەبێت. هەر بۆیە ڕەوتی فەلسەفەی دیاردەناسی هیگڵ تێپەڕینی ناگایی مرۆڤە لە پلەی نەزموونی ڕۆژانەوە بەرەو حەقیقەتی ڕەها و مەعریفەی فەلسەفی لەمەڕ جیهان. ناتوانین دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) بە کتێبێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین، بەڵکو

Preview sample - page 4 of 9 - Soran University Academic Digital Library

دیاردەناسی کتێبێکە میژووی مرۆڤایەتی لە قالبی نەزموونی زەین لەمەڕ نازادی خۆی لە میژوودا بەیان دکات. لەم ڕووەوە، دیاردەناسی گەڕدەوەی ڕێگا و ڕەوتێکە. ڕەوتێک کە هەروەک سەفەرەکەی یولیس و بەسەرهاتەکانی، نزدیسەیەکە بۆخۆی. نزدیسەی جیهانێک کە دەبێتە زەین یان ڕۆح و نزدیسەی زەین یان ڕۆحێک کە دەستی بە حەقیقەتی خۆی ڕادەکات لە جیهانی میژووییی – لۆژیکی دا. بە جۆرێکی تر، واتە چۆنیەتی بە جیهانیبوونی جیهان لە هەمەکیەتی خۆیدا. بە جیهانیبوونی جیهان بە مانای بەعەقڵانی بوونی واقیعەتە. واقیعەتی بەعەقڵانی بوو، واقیعەتێکە کە لە ڕەوتی هزری فەلسەفی تێپەڕیوە.

لە ڕوانگەی هیگڵەوە جیهان بەم جۆرە نییە کە لەبەر چاومان خۆ دەنوێنێ، بەڵکو جیهانی ڕاستەقینە جیهانێکە کە لە ڕێگای هزری فەلسەفەیەوە دەرک کرابێت و گەیشتبێتە قۆناغی مەعریفەی ڕەها. /لەم ڕووەوە مەعریفەی ڕەها هیچ نییە جگە لە مەعریفەی ڕاستەقینە و مەعریفەی ڕاستەقینە، حەقیقەتی مەعریفەیە لە هەمەکیەتی خۆیدا/ هەر بەم هۆیەوە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە، حەقیقەت دراوێکی عەقڵی یان هەستەکی نییە، بەڵکو دەرەنجام و بەرهەمی پرۆسەی دیاردەناسی عەقڵە لە میژوودا، واتە دەرەنجامی وەڕاستگەڕانی بوونی جیهانە. لەبەر نەوەی بوونی جیهان دەبێتە ڕاستی، جیهان وەک زەین یان ڕۆحی لێ دێت. دەبێ حەقیقەتی جیهان وەک حەقیقەتێکی لێ بێت بۆ زەین و بۆ نەم مەبەستە دەبێ لە هەوارگە و نوێنگە لۆژیکی – میژووییەکانی زەین تێ بپەڕێت. دیاردەناسی بەرهەمێکی فێرکارانەیە کە دەشێت وەک ڕۆمانێکی فێرکاری (*Bdldungsroman*) سەیری بکەین. دیاردەناسی وەک ڕۆمانێکی فێرکارانەیە کە هاتنەبوون و نالۆگۆڕی زەینی مرۆڤایەتی وەسف دەکات، واتە گەڕدەوەی نیگای زەینی مرۆڤە بۆ پرۆسەی فێر بوون. هیگڵ دەنووسێت: "نامانجی فەلسەفە تێگەیشتنە لەو شتەی کە هەیە." کەواتە نامانجی دیاردەناسی تێگەیشتنی فەلسەفەی مۆدێرنە لە جەوهەری خۆی دا. بە جۆرێکی تر، دیاردەناسی زەین گۆتاری مۆدێرنیتەیە لەمەڕ مۆدێرنیتەوە. نەم گۆتارە لەمەڕ مۆدێرنیتە هیچ نییە جگە لە تێگەیشتنی سۆژە لە حەقیقەتی بوونی خۆی لە پرۆسەی بەدەست هێنانی ناگایی میژووییی و

Preview sample - page 5 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لۆژیکی لەمەڕ خۆیەوە. کەواتە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە تاکە ڕێگای دەربڕینی حەقیقەتی زەین، وەسف کردنیەتی لە هەمەکیەتی خۆیدا و هەر بۆیە هیگڵ لە پێگەی سیستەمی فەلسەفەیەوە سەیری حەقیقەت دەکات، بەڵام تیۆرانینی هیگڵ بۆ حەقیقەتی زەین لە میتۆووی مرۆڤایەتی دا تیۆرانینێکی مونیستی نییە، چونکە مونیزم وەک جۆرێک تاکبێژی و تاک ڕەهەندی هەموو دەرکەوتەکانی واقیعەت تەنیا لە واقیعەتێک دا دەبینێت، نەوە لە کاتێک دایە کە دیاردەناسی هیگڵ دەرکەوتەی هیچ چەشنە تاکبێژی و تاک ڕەهەندیەک نییە. لە ڕاستیدا، تەوەری سەرەکی ڕۆحی دیاردەناسی هیگڵ پرۆسسی دیالێکتیکی میتۆووە. دیالێکتیک بە پێی پێناسە و جەوهەر، دیالۆگ و گفتوگۆیە، واتە پێویستیە مانایەکەی، هەبوونی خودناگایی یان دوو کەسایەتی میتۆوویی دەخوازێت. لەم ڕووەوە بۆ هیگڵ هاتنە بوون و نالوگۆڕی هەموو پەیوەندیە نێوان زەینیەکان بە شیوەیەکی دیالێکتیکی نەنجام دەدرێت. بە وتەی خۆی: "مەعریفەی ڕەها، زانینی نەو شتەیە کە لە یەکیەتی دا دژایەتی و لە دژایەتی دا یەکیەتی هەیە"/ لە نامەیەک دا لە ڕێکەوتی ۳۰ جانیوەری ۱۸۲۲ دەنووسێت: "بە بڕوای من نایدیا تەنیا بە شێوەی پرۆسس و جوڵە بۆ دەربڕین دەشێت". نەوە بەو مانایەیە کە لە ڕوانگەی هیگڵەوە، حەقیقەت شتێک نییە بێ جوڵە بێت، بەڵکو شتێکی زیندووە کە لە لایەن خۆیەوە بە جوڵە دەخرێت. بۆ هیگڵ هێزی بزوێنەری نەم جوڵەیە هیچ نییە جگە لە پرەنسیپی *"نەرێنیەتی negativity"*. نەرێنیەتی بزوێنەری سەرەکی دیالێکتیکی هیگڵە کە لە پرۆسسی دەست ڕاگەیشتنی عەقڵ بە نازادی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

هیگڵ لە سالی ۱۷۹۵ لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسا لە نامەیەک دا بۆ شیلینگ *(schelling)* دەنووسێت: "ڕێگا چارەی نێمە عەقڵ و نازادییە". مەبەستی لەم وتەیە نەوەیە کە لەو شوێنەدا کە واقیعەت بە شێوەیەکی بێ نێوبەند (بلا واسطە) و بێ نێوبژی عەقڵ، پێمان بدرێت ، خودان حەقیقەت نییە. لەم ڕووەوە تا کاتێ کە عەقڵ دەستی بە پلەی واقعی بوون ڕانەگەیشتبێت، زەینیەتێکی خاڵی لە هەر چەشنە تیۆرانینێکی

Preview sample - page 6 of 9 - Soran University Academic Digital Library

مێژوویی، کەواتە لەو شوێنە دا کە واقیعەت بە شێوەی عەقڵانی وەڕاستەقینە و عەقڵ وەك واقیعەت دەردەکەوێت، مرۆڤ خودان نازادی خۆیەتی، کە واتە نەم نازادییە بەرەنجامی پرۆسسی هزری فەلسەفییە کە بە شێوازێکی عەقڵانی لە واقیعەتی مێژوویی تێگەیشتووە. نەم واقیعەتە مێژوویە بۆ نەوەی بە عەقڵانی بێت پێویستە لە پلەی سوژە (بکەری ناسکار)دا بە قۆناغە جۆراوجۆر و دژبەرەکانی بوونی دیاردەناسانە و لۆژیکی دا تێبپەڕێت. هەر بەم هۆیەوە، هیگڵ لەسەر نەو بڕوایەیە کە وەڕاستەقینەی عەقڵ لە مێژوودا دراوێك نییە، بەڵکو دواناماجە (غایەتە). عەقڵ یان زەین بۆ بەدەست هێنانی مەعریفەی ڕەها لەمەڕ واقیعەتی مێژوویی خۆی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی خۆی هەڵدەگرێت (*aufhebung*) تا نەوکاتەی کە لە ڕووی هەمەکیەتی عەقڵی لەگەڵ چەمکی خۆیدا هاوسەنگ دەبێت. بە جۆرێکی تر، دەبێ حەقەن هەر کام لە دیاردە و دەرکەوتەکانی زەین لە قۆناغی نێوبەندی دیالێکتیکی (نەوەی هیگڵ بە *mediation = vermittlung* ناوزەدی دەکات) تێ بپەڕن. بۆ هیگڵ تێپەڕین لە قۆناغی "نێوبەندی" بە مانای ڕەد کردنەوە و بە لاوەنانی فەلسەفیانەی هەموو جۆرە واقیعەت و حەقیقەتێکە کە بە شێوەیەکی بێ نێوبەند و نێوبژی نەکراو دێتە بەردەستی زەینەوە.

هیگڵ لە *دیاردەناسی* دا پێمان نیشان دەدات کە چۆن هەمەك لە هەر کام لە نوێنگە دیاردەناسییەکانی خۆیدا هەوار دەخات وهەرکاتێکیش کە نەم شێوە یان فیگەرە (*gestalt = figure*) دیاردەناسانەیە بە ناتەواو و ناکافی بژمێردرێت بۆ هاتنەبوون و پەرەسەندنی مێژوویی – لۆژیکی زەین، دەچێتە هەوارگەی تر. کەواتە لە ڕاستی دا لە دیاردەناسی ڕووبەڕووی دووجۆر جوڵە دەبینەوە: یەکەم،جوڵەیەکی ڕاستەهێڵی کە لە منداڵانەترین و بێ نەزموونترین جۆری ناگاییەوە واتە ناگایی هەستەکیەوە بەرەو مەعریفەی ڕەها دەچێت و نەمە ڕەوتی ڕوو لە بەرزبوونەوەی حەقیقەتە، پاشان ، جوڵەی بەخول کە هەمەکیەتی حەقیقەت لە هەر کام لە شێوە دیاردەناسییەکان دا بەیان دەکات. نەم دوو جوڵەیە لەگەڵ یەکتردا هاوڕێ و جمکن بەم مانایە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە حەقیقەتی غایی سیستەمی

Preview sample - page 7 of 9 - Soran University Academic Digital Library

زانست، حەقیقەتێکە کە بەردەوام لە پەنامانە، بەڵام نێمە لەبوونی بێ ناگا و بێ خەبەرین، چونکە هێشتا دەستمان بەحەقیقەتە مێژوویی – لۆژیکیەکەی ڕانەگەیشتووە، واتە بەجۆرێکی تر، ڕەهایەکە کە هێشتا دەستی بە پلەی حەقیقەتی خۆی ڕانەگەیشتووە. لێرەدا لەم ڕستەیەی هیگڵ تێدەگەین کە دەڵێت: "حەقیقەت تەنیا ڕەهایە" نەو حەقیقەتەی ڕەها کرابێت بە مانای جیهانێکە کە بەعەقڵانی کراوە. لە تێڕوانینی هیگڵەوە هیچ شتێك لە جیهان دا نییە کە عەقڵ نازار بە دەست تێگەیشتن و دەرك کردنیەوە بچێژێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان نەتوانرێت وەك شێوەیەکی زەین بخرێتە ناو پرۆسەی دروست بوونی دیاردەناسانەی سیستەمی زانستەوە. هیگڵ لە پەرەگرافی ٤ی *پرەنسیپەکانی فەلسەفەی ماف* دا دەنووسێت: "کاتێ 'من' لە جیهان تێگەیشتبێت ، 'من' لە مالّی خۆیدا هەواری خستووە". هەڵبەتە لە پێگەی فەلسەفەی هیگڵەوە، نەمە تەنیا کاتێ دەشێ ڕوو بدات کە فەلسەفە لە قۆناغی ڕەخنەگرانە تێپەڕ بووبێت، بۆ نەوەی لە ڕێگای خودناگابوونەوە لە جیهانی دەوروبەری خۆی، بتوانێت بە دوای نازادی مێژوویی خۆیدا بگەڕێت. هەر لەم پەیوەندییەدا، هیگڵ لە وانەگەلێ لەمەڕ *جوانیناسی* دەنووسێت: "مرۆڤی نەزان نازاد نییە چونکە نەوەی نەو لەگەڵی دا بەرەو ڕوو دەبێتەوە، جیهانێکی نامۆیە". هەر بەم هۆیەوە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە نابێت جیهان بۆ نێمە بە نامۆیی و بێگانەیی بمێنێتەوە و تاکە ڕێگای تێپەڕین لەم نامۆبوونە، تێڕوانینێکی فەلسەفی و سیستەماتیکە بۆ جیهان. تێڕوانینی سیستەماتیك بۆ جیهان بە مانای گۆڕان و نالوگۆڕی چەمکیانەی جیهانە، واتە تێگەیشتن لە چەمکی حەقیقەت یان حەقیقەتی چەمك لە سووڕانی دیاردەناسانەی جیهاندا. لە دیدی هیگڵەوە، نەم حەقیقەتە هاوکات خود و شوێنیە. تێڕوانینی سیستەماتیك بۆ حەقیقەت بە مانای تێگەیشتن و دەرك کردنی حەقیقەتە نەك تەنیا وەك خود (ذات) بەڵکو وەکو سوژە، چونکە لە ڕوانگەی هیگڵەوە نەو شتەی کە لە خۆی دا (*an sich*) و بۆ خۆی (*fur sich*) یەتی، بەر لە هەموو شتێ بۆ نێمە بوونی هەیە، واتە خودێکی مەعنەویە. کەواتە دوا ناماڵجی هزری فەلسەفی، تێگەیشتنە لە خود وەك سوژە، لەو جێگایەی کە خود دەبێتە سوژە یان بکەر، نەو شوێنەیە کە حەقیقەت خۆی

Preview sample - page 8 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لە قاڵبی نازادی دا دەربڕیوە. بۆ گەیشتن بەم نازادییە دەبێ لە پرۆسەی دیالێکتیکی واقعیەت بپەڕێنەوە. هەر بۆیە هیگڵ پێیوایە زەینی ناڤەلسەفی ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها و هەمەکی لە حەقیقەت تێ بگات، چونکە بە ڕای نەو زەینی ناڤەلسەفی لەسەر بنەمای پرەنسیپی "نەرێیەتی" دانەمەزراوە و سوود لە میتۆدی دیالێکتیکی وەرناگرێت. لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینی دیالێکتیکی بۆ جیهانی میژوویی و میژووی جیهان دەرفەتی تێگەیشتن لە حەقیقەت وەک حەقیقەتێک دەدات کە بەردەوام لە سووڕان و لە حاڵی سەیرورە دایە. نەوەی ڕاستەقینەیە، نەو شتەیە کە لە حاڵی وەڕاستگەڕان دایە. زانینی نەوەی لە حاڵی سەیرورە و وەڕاستگەڕان دایە، زانینی نەو شتەیە کە گۆڕاوە بۆ مەعریفە. کەواتە نەوەی بووە بە مەعریفە، هیچ نییە جگە لە ناگایی زەین لە بووتی میژوویی خۆی پاش تێپەڕینی دیالێکتیکی لە هەوارگە دیاردەناسییەکانی خۆی. بە جۆرێکی تر، نەو دیاردە یان قینۆمینانەی کە لە میژووی مرۆڤایەتی دا دەردەکەون، فۆرم و شێوە و دەرکەوتە جیاجیا و دژبەرەکانی زەینی مرۆڤن. هەر بۆیە دیاردەناسی بە مانای تۆژینەوە لەمەڕ نەو دیاردە زەینیانەیە کە لە میژووی ناگایی مرۆیی دا لە نازادییەوە دەردەکەون. لە ڕاستی دا دیاردەناسی هیگڵ شی کردنەوەی نالۆگۆڕ و پەرەسەندنی ناگایی مرۆڤە وەک پرۆسەی وەڕاستگەڕانی نازادی لە میژوودا.

ڕامین جەهانبێگلو

Preview sample - page 9 of 9 - Soran University Academic Digital Library